# ڕێگا چارە سەربەخۆیی کوردوستانە

هیدایەت مەلا عەلی

خەڵکی کوردوستان ناسکترین و هەستیارترین قۆناغی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی تێدەپەڕێنێت لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستا کە ئەمەریکاو ئەحزابی قەومی کورد و عەرەب و دەستەوتاقمی ئیسلامی خەریکن نەخشەکەی دەکێشن ,ئەم نەخشەیە ناوەرۆکەکەی شۆڤێنێتەو ڕووی دەرەوەشی هەرەشەو چاوسورکردنەوەکانی یاوەر و عەلاویە لە خەڵکی کوردوستان , تەمەنێکی 35 ساڵی لەژێر سایەی هارترین دەسەڵاتی ئەم سەدەیە خەڵکی کوردوستان خەڵکانی پلە دووی وولاتێك بوون کە بە پێی پێناسەی دەسەلات پارچەیەك بوو لە نیشتمانی عەرەبی و دینی ڕەسمی وولاتیش ئیسلام بوو , ئەو دەسەڵاتەی دوێنێ ئەم بڕیارەی دابوو هەموو ڕۆژێك دیاری دەستی بۆ خەڵکی کوردوستان دروست کردنی گۆماوی خوێن بوو هەمووومان بەشێك بووین لە سووتەمەنیەکانی ئەو کردەوە دژی ئینسانیانە , هەر کاتێك خەڵکی کوردوستان وویستبێتی ئیرادە بنوێنێ و شتێك لە ژیانی سەختی خۆی بگۆڕێ ئەوا قەسابخانەکەی موصلّ و شعبەی 5 بەغداد چاوەڕوانی بووە , سەرەڕای کیماباران و ئەنفال و ئیبادەی سەدان هەزار ئینسان , ئەو سیناریۆ ڕەشەی کە سەدام و بەعس پاڵەوانەکانی بوون کۆتای هات بەلام ئێستا پەردەیەکی تر لە شانۆگەری سیناریۆیەکی ڕەشی ترخەریکە یەخەی خەڵکی کوردوستان دەگرێت و هەمان پێناسەو هەمان دووبارە بوونەوەی ئێستایەکی ڕەشی پێیە لەسایەی ئەمەریکاو دەسەڵاتە تازە سەپێنراوەکەی عێراق ئەم دەسەڵاتە کە لە یەکەم ڕۆژی کورسی گرتنیەوە بەدەیان جۆرهەڕەشە لە خەڵکی ستەم لێکراوی کوردوستان دەکات و دەڵێت هەر ئایندەیەك من بۆت دیاری نەکەم بۆ تۆ نیەو هەر هەوڵێك بۆ بڕیاردان لەسەرچارەنووس و جۆرێك پەیوەندی کە خۆتان دیاری دەکەن ئەوا بە ئاگر و بە خوێن وەڵامتان دەدەینەوە , ئەم دەسەڵاتە لەرزۆکە بەیانی نیەتی خۆی لە بەرانبەر خەڵکیدا کردووە و بە سیایەت و بە هەرەشەو بە هێشتنەوەی دەیان کێشەو زوڵم کەلە خەڵکی کوردوستان کراوە , ئەم هەلومەرجە بە جارێك خەڵکی کوردوستانی دوو دڵ و نارەحەت کردووە خەڵك نازانێ چارەنووس و ئایندەی بە کوێ دەگات ئایا هەر وەك جاران بەزۆر لەبری صەدام وێنەی یاوەرو عەلاویمان پێهەڵئەواسن یان نا , ئایا ئێمەش دەبینە ئینسانی یەکسان لەم وولاتە دا یان هەر پلە دوو هەر میوانین و دەبێت هەمیشە دەستمان لە سەر سنگ بێت بۆ تەشریفات , خەڵکی کوردوستان دەیان کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراو سەدان کەسایەتی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری نارەزایەتی خۆیان دەربڕیووە لەم سیاسەتەی کە بۆ ژێر دەستەکردنی خەڵکی کوردوستان بەڕێوەیەو ئەحزابی قەومی کوردیش یەکیەتی و پارتی تێیدا هاوبەشن , یەکیەتی و پارتی کە لەسەر لاشەی ماندووی خەڵك و ستەم و چەوساندنەوەیەك کە هەبووە خۆیان پێگەیاندووە و دەستیان لە دەسەڵات گیرەو بەشی تریشیان دەوێت لە مەرکەز ئەم بەش کردنەش هەمیشە لەسەر حیسابی خەڵك و ژیان و چارەنووسیان کراوە , بۆ یەکیەتی و پارتی دەسەڵات و کۆکردنەوەی سەرمایەو بۆ خەڵك ئەو کارەساتەیە کە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەیبینین چەندین خێزان لەبەر بێدەرەتانی ماڵەکانیان لەسەر شەقامەکان داناوە , یەکەتی و پارتی لە سیناریۆ و کۆبوونەوە نهێنیەکاندا دەیانەوێت بە قیمەتی بردنی بەشی باشتر لە دەسەڵات بەناوی تەوافق و دیموکراتیەت و فیدرالیەتەوە خەڵکی کوردوستان بەدەست و چاوی بەسراوەوە تەسلم بە شۆڤێنیەتی عەرەب بکرێت , هەر مامەڵە و سەودایەك ئەم حیزبانە ژێر بە ژێرئەنجامی دەدەن هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خەڵکیەوەو کەس بەشدارنیە تێیدا ,هەموو بینیمان سەرانی یەکیەتی وپارتی دوای کۆبونەوەی 10.26

له هاوینەهەواری سەلاحەدین چیان ووت تاڵەبانی ووتی ڕێکەوتوین بەڵام کاتی ئەوە نەهاتووە ڕایگەیەنین , ماوەیەکیش لەمەو پێش بارزانی لە یەکێك لە چاوپێکە وتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ووتی ئەگەر پێوویست بکات ئەوا ڕاستیە کان بە خەڵك و ڕای گشتی دەڵێین , سەیرکەن ئەوەی سەرکردایەتی ئەحزابی قەومی کورد لەسەری کۆدەبنەوە چیە , ئەوەی قسەی لەسەر دەکەن کامەیە , ئەوەی یاری بە چارەنووسی دەکەن کێیە , بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردوستانە ئیتر بۆ دەبێت خەڵك نەزانن چی ووتراوەو چی بڕیار دەدرێت بۆ دەبێت خەڵك خۆی بڕیار نەدات تاکەی دەبێت بە خەڵك بووترێت لەسەر چارەنووسی تۆ کۆبوینەوەو بەس پێت ناڵێم کە چیمان کرد , ئەمە وەك ئەوە وایە من لە بری دراوسێ نەخۆشەکەمان نەشتەر گەری بکەن , یان بۆ دەبێت کە پێوویست بکات پاشان ڕاستیەکان بە خەڵك دەڵێن ئەی مەگەر هەر ئەو خەڵکە نین بە لێشاو بە کورەی مەرگدا کراوون , ئەی مەگەر هەر ئەو خەڵکە نین بەناویانەوە شیعاری بریقەدار دەڵێن و وا نیشان دەدەن شەڕی ئێوە لەسەر مافەکانی خەڵکە ئیتر بۆ شتەکان نهێنی و شاراوە بن , ئەم واقیعەتە ئەوە دەردەخات نە کۆبوونەوەتان بە بەرژەوەندی خەڵکەو نە کێشەتان کێشەی خەڵکە بەڵکو بە پێچەوانەوە خەلك وەسیلەیەکی دەستی ئێوەیە بۆ جێبەجێ کردنی مەرام و مەوقعیەتی خۆتان لە دەسەڵات , ئێوە حاکمی دار و بەرد نین ئێوە حاکمی ئینسانن بۆ دەبێت شتەکان لە ئینسانەکان شاراوەبن , ئێوە حاکمی ئینسانن حاکمی مار و مێر و نین بۆ دەبێت ئینسانەکان لە پشتی خۆیانەوە وێنەی ژیانیان بگیرێ ئەم سیناریۆیەو ئەم یاریەی ئەحزابی قومی کورد بە چارەنووسی خەڵکەوە دەیکات دەبێت کۆتای پێ بێت , ئەو هەڕەشانەی یاوەر و شۆڤینیەتی عەرەبی لە خەڵکی کوردوستانی دەکات دەبێت وەڵامی خێراو جیدی پێ بدرێتەوە , ئەم وەڵامە نەلای ئەحزابی قەومی یە نە لای فیدراڵیەتە نەلای بزوتنەوەی ڕیفراندۆمەکەی دەسەلاتدا رانە , ئەمڕ تەنها ڕێگا چارە بۆ کۆتای هێنانی پلە دووی و ستەمی میللی و ڕێگە نەدان بە عەمەلی کردنەوەی هەڕەشەکانی یاوەر و عەلاوی جیابوونەوەی کوردوستان و سەربەخۆیە , من بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانانە دەکەم کە چارەنووسی خەڵکی کوردوستانیان بۆ گرنگە و ئومێدیان هەیە بە ژیانێکی شایستەو ئینسانی بۆ خەڵکی کوردوستان لە دەوری یەکتر کۆبینەوەو لەم قۆناغە چارەنووس سازەدا کارەکانمان یەك بخەین و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورەی وا پێکبهێنین کە بتوانین خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین , بۆ ئەم کارەو بۆ جێخستنی ئەم ئاواتە سادەو ئینسانیە , ئەمڕۆ کەمپینی سەربەخۆی کوردوستان دەتواتنێت ئەو مەیدانە بێت لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی میکانیزمەوە ئەو کارە ئەنجام بدات .

با لەدەوری ئەم کەمپینە کۆبینەوەو بەهێزی بکەین

با چارەنووسمان بەدەستی خۆمان دیاری بکەین

با ڕێگا نەدەین کەسانی تر لەبری ئێمە بیر بکەنەوە